# کورد
# لە شیعرەکانی
# گوننار ئێکێلۆفدا



پارساڵ بەنیازی دۆکیۆمێنتارییەک لەسەر ژیان و بەسەرهاتی شاعیری گەورەی سویدی گوننار ئێکێلۆف، لە سوید سەردانی ئەو شارۆچکەیەم کرد، کە ئێکێلۆف دوا ساتەکانی ژیانی تێدا بەسەربردوو، شارۆچکەی سیگتونا، کە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی ستۆکهۆڵمەوە. من لەرێبەنداندا سەردانی ئەو شوێنەم کرد، ماڵەکەی ئێکێلۆف کە ئێستا کەسێکی بەرەچەڵەک ئەمریکی تێیدا دەژی، بەسەر دەریاچەیەکدا دەڕوانی، کە یەکپارچە سەهۆڵ بوو. بەلەمێک لە کەناری دەریابەستووەکەدا چەقیبوو، مەگەر تەنیا فۆتۆگرافەرێکی کارامە بتوانێت وێنەیەکی وا بخوڵقێنێت.

چەندین کەسم لە هاورێ و ئاشناکانی کۆکردەوە و پێکەوە پیاسەیەکی ناو شارۆچکەکەمان کرد، مۆزەخانەکەی، ماڵەکەی، کتێب و قەڵەم و ئەو تابیعەیەی کە دەیان شاکاری پێنووسرابوو، هەروەها هەموو کتێبەکانی و ئەو کتێب و نووسراوەنەشی کە لەسەر شیعرەکانی نووسراوون، هەموویان لە چەند ژوورێکدا پارێزراون. ئێستا ئیدی شارۆچکەی سیگتونا لەهەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا باسی ئێکێلۆف بکرێت، باسی ئەویش دەکرێت و وەکو دوانەیان لێهاتووە.

گوننار ئێکێلۆف و ژنەکەی ئینگرید ئێکلۆف، تەنیا کچێکیان بووە بەناوی سۆزان. کاتێک باسی باوکی بۆ هاورێیەکی گێڕاوەتەوە، یاداوەری ئەو خانووەی کە لەگەڵ باوکیدا تێیدا ژیاون، دەڵێت « ئەم خانووە تەنیا خانوویەک بوو، کە باوکم بە هی خۆی دەزانی، پێشتر باوکم لەو دەڤەرە لە چەند خانویەکەدا ژیابوو".

وەکو چۆن ماسی بێئاو ناژی، نوسەری کارامەش ناتوانێت بێ کتێب هەڵبکات، بۆیە گوننار خۆشحاڵ بوو لە سیگتونا گیارسابووەوە، ئاخر لەو شارۆچکەیەدا کتێبخانەیەکی گەورەی لێ بوو، گوننار دەیتوانی کام کتێب و کام گرامافۆنی مۆسیقای بویستایە بەدەستی بخات، کارمەندانی کتێبخانەکە ببوون بە هاورێی و دەیتوانی هەر لەوێ خەریکی نووسین بێت.

لەم شارە بچکۆلەیە هەموو شتێکی لێبوو، لە پۆستەوە بگرە هەتا بیمە، کتیبخانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنێکی داخراونەبوو، گوننار دەیوت» پاڵم بەم شارە بچکۆلەیەوە داوە و رووم لەو دەریا بچکۆلەیەیە کە پاپۆرەکان بەناویدا بەرەو ستکۆهۆڵم دەڕۆن. رەنگە دەریا و زەریا زۆروزەوەندەکانی سوید و بەتایبەتی دەریاچەکەی سیگتوونا کاریگەری زۆریان لەسەر ئێکێلۆف دانابێت، بۆیە ئاو بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعرەکانی ئەو شاعیرەدا.

گوننار کەسێک بوو زۆر حەزی لە مۆسیقا بوو، رۆژانە چەند سەعاتێک گوێی لەمۆسیقا دەگرت، کاتێک بە شەوانی هاوین پەنجەرەی ماڵەکەی دەکردەوە، مۆسیقا پەرش و بڵاودەبووە و تێکەڵ بە شەپۆڵەکانی دەریاکە دەبوو، بۆیە گوننارگۆشەگیری هەڵبژاردبوو و ببوو بە هاورێیەکی دەریا و سروشت ومۆسیقا، ئەوەش هۆکارێک بوو بۆئەوەی کە زۆر حەزی نەدەکرد تێکەڵاوی خەڵک ببێت.

گوننار ماوەی چەند ساڵێک بەلەمێکی جوانی هەبوو، زۆرجار بە سورای بەلەمەکەی دەگەڕا و هاتوچۆی دەکرد.

ئینگریدی ژنی دەگێڕێتەوە و دەڵێت» گوننار هەموو رۆژێک دەیخواردەوە، زۆرجاریش کۆنیاک و خواردنەوەی گرانبەهای دەخواردەوە، بەڵام ئەو بۆ ئەوە نەیدەخواردەوە کە گۆرانی بڵێت و سەمابکات، بەڵکو دەیویست وەکو من و تۆی لێ بێت. دەیویست ژیانێکی ئاسایی هەبێت، چونکە ئەو مرۆڤێکی خەمۆکی بوو، لەو رێگایەوە دیویست هەڵسێتەوە».

گوننار ئێکێلۆف لە بنەماڵەیەکی بۆرژوازی و پڕ لە کێشەی خێزانی، لە ساڵی ١٩٠٧ لە دایکبووە. دایکی کەسێکی سەرەڕۆ بووە و حەزی لە گەڕان و رابواردن و بەسەربردنی کاتی خۆش بووە، بەڵام بە پێچەوانەوە باوکی کەسێکی باوەڕداری مەسیحی بووە.



هێشتا تەمەنی هەشت ساڵان دەبێت، کە باوکی کۆچی دوایی دەکات، پاش ماوەیەکی کەم دایکی شوودەکاتەوە، ئیدی ئێکێلۆف دەکەوێتە ناو دنیایەکی تەنیاییەوە، دنیایەک کە بێبەشی دەکات لە خۆشەویستی دایک و باوک، رەنگە هەر ئەوەش وای کردبێت پەنا بۆ خەیاڵ و فەنتازیا ببات و خولیایی کردنەوەی دەرگا داخراوەکان بکەوێتە سەریەوە.

هەر لە تەمەنی لاوێتی و قۆناخی ئامادەییدا خولیا و کەڵکەڵەی دنیای شیعر و ئەدەبیات دەکەوێتە سەرییەوە، کاتێکیش بە دنیای رۆژهەڵات و ئەدەبیاتەکەی ئاشنادەبێت، هەر لەرێگای شیعر و ئەدەبیاتەوە ئاشقی دنیای سۆفیگەری دەبێت. بۆ ئەو مەبەستە دەچێتە لەندەن، پاشان لە زانستگەی ئۆپسالا درێژە بە خوێندنی رۆژهەڵاتیانە دەدات، بەڵام هیچ بڕوانامەیەک وەرناگرێت. ئیدی بەردی بناخەی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ فەرهەنگی رۆژهەڵاتدا دادەنێت، بەتایبەتی فەرهەنگی عەرەبی و فارسی.

گوننار ئێکێلۆف یەکەمین شیعری خۆی لە گۆڤارێکدا بەناو سپێکتروم بڵاودەکاتەوە کە دواتر دەبێت بەئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و لە ساڵی ١٩٣٢ یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بڵاودەکاتەوە.

ئێکێلۆف تەنیا شیعری نەنووسیوە بەڵکو پەخشان و وتاریشی نووسیوە و وەرگێرێکی کارامە بووە. ئەمەش وایکردووە بۆتە کەسایەتیەکی فەرهەنگی و ئەدەبی گەورەی سوێدی و کاریگەری گەورەی لەسەر رەوتی ئەدەبیاتی سوێد داناوە.

موسیقا بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ژیانی ئێکێلۆفدا، وەکو خۆی دەڵێت«درەنگ دەستی پێکرد دەنا رەنگە مۆسیقارێکی گەورەی لێ دەربچوایە « چۆن مەتوانیایە لە ژورێکدا پیانۆ بژەنم کە دیوارەکانی هێندە تەنک بوون بەئاسانی گوێم لەقسەی دراوسێکانم بوو».

لە ساڵی ١٩٥٨ دەبێتە ئەندامی ئاکادیمیای سوێدی کە ساڵانە خەڵاتی نوبێل بۆ ئەدەبیات دیاریدەکەن.

گونار ئێکێلۆف تا مردیش کاریگەری ژیانی منداڵی لەسەر بوو، هەندێک جار گۆشەگیر و خۆی تەریک دەکردەوە. سێ جار بڕیاردەدات کە بۆ هەمیشە سوێد بەجێبهێڵێت، لە شیعرێکدا کاتێک باسی نامۆیی دەکات پەردە لەسەر هەستەکانی خۆی لادەدات، ئەوێک کە نەیدەتوانی لەگەڵ رەودا رێگابڕێ:

**من نامۆیەکم لەم وڵاتەدا**
**لێ ئەم وڵاتە نامۆیەک نییە لە مندا**
**من هەستناکەم خەڵکی ئەم وڵاتەم**
**لێ ئەم وڵاتە وەک هیی خۆی لەناخمدا رەوتار دەکات.**

ئێکێلۆف دوا ساڵەکانی ژیانی لە سیگتوونا بەسەر دەبات و هەر لەوێش بورکانە شیعرییە سۆفیستی و ئۆریانتالیستیەکانی دەتەقنەوە، چونکە ئێکلۆف بەگیان و بەرۆح تێکەڵ بە دنیایی رۆژهەڵات ببوو، ئاخر ئەو هەر لەسەردەمی لاوێتییەوە بەسەر پردی ئبن عەرەبی و مولانا جەلالەدینی رۆمییدا دەپەڕیتەوە بۆ ناو دنیایی فەرهەنگی رۆژهەڵات.

رزگار شێخانی کە شیعرەکانی ئێکێلۆفی کردۆتە

کوردی دەڵێت» ئەگەر گوننار، ئیبن عەرەبی نەخوێندایەتەوە، ڕەنگە ئەو شاعیرە نەبوایە، هەر ئەو خوێندنەوەیە دەبێتە هۆی گۆڕانی فەلەسفەی ژیانی گوننار و کردی بە ڕێبەری شیعری سوێدی، ئێستا و داهاتووی شیعری سوێدی کاریگەری ئەوی بەسەرەوەیە››.

ئەوەی من بەدواییدا وێڵبووم، لایەنێکی تارادەیەک شاراوەی ئەو شاعیرەیە لە پەیوەندی لەگەڵ کورددا، ئاخر ئەو لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، شاکارێک دەهۆنێتەوە لەسەر میرێکی کورد، ئەو میرەی تەنانەت نەچۆتە ناو ڕستەیەکی مێژووی کورد خۆیەوە، ئەویش میر ئێمگیونە، کە بەشێکە لە سیانەی دیوانێکی گوننار ئێکێلۆف و، شاعیر و وەرگێڕی کورد ڕزگار شێخانی کردوویتیە کوردی.

ساڵی ١٩٦٥ دوای گەشتێک بۆ تورکیا، سیانەی دیوان دەنووسێت و دەنگدەداتەوە. یەکێک لەو شیعیرانەی کە قسەی زۆری لەسەر دەکرێت،



میر ئێمگیونە کە باسی میرێکی کورد دەکات، میرێک کە دەکەوێتە نێوان بەرداشی بێزەنتی و سەلجوقییەکانەوە. دوای ئەوەی دەستگیردەکرێت بۆ ماوەی دە ساڵ لە کۆستنتین زیندانی دەکرێت و ئەویش دەکەوێتە بەر سزایەکی دڵڕەقانەی باوی ئەو سەردەمە، کە دەرهێنانی هەردوو چاوی زیندانییەکان بوو. مانەوەی لە زیندانێکی دوور لە نیشتیمان وای کرد، میری کورد بە حەسرەتی گەڕانەوە بۆ کوردستان و دەڤەرەکەی خۆی گۆلی وان، وەکو ئەوە وابووە بەردەوام لە باڵگرتندا بێت.

ئێکێلۆف لە شیعرەکەیدا چەندین وێنەی خەیاڵاوی و دڵرفێنی گۆلی وان و هەستی میرە کوردەکە وێنادەکات.

ساڵی ١٩٦٥ گوننار، کە دوا ساڵەکانی ژیانی بوو، سەفەرێکی بۆ تورکیا کرد، ئەوە یەکەم سەفەر و دوا سەفەری بوو بۆ ئەو وڵاتە. ئەو سەردانی وڵاتانی سەر دەریای سپی ناوەڕاستی کرد، یۆنان و ئیتاڵیا و فەرەنسا، زۆر حەزی لەفەرهەنگی ڕۆژهەڵاتیانەبوو.

ئێکلۆف دەربارەی بیزەنتیشی خوێندبووەوە و قوستەنتنیپۆڵی کۆن، ئەو دەیویست سەردانی هەندێک شوێن بکات، بەهاوکاری ژنەکەی سەفەرێکی دوو سێ هەفتەییان کرد و لە ئیستەنبوڵ بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگرا، کە پێشتر دەربارەیان خوێندبوویەوە. لەنێویاندا کڵێسای کۆرا کە کڵێسەیەکی کۆنی مەسیحیەکان بوو کە بە موزایک داپۆشرابوو، ئێکۆنەکانی مەریەم و مەسیح هەڵواسرابوون.

گوننار خۆی سەربەهیچ کڵێسایەک نەبوو، بەڵام بڕوایەکی ڕۆحی پتەوی هەبوو، هەر ئەوەیش وای کردبوو کە لە لاوێتییەوە ئارەزووی بۆ لای ئاین و ڕۆحیەتی ڕۆژهەڵاتیانە و سۆفیگەری پەیداکرد، گوننار لەسەر ئیبن عەرەبی خوێندبووەوە و زمانی فارسیشی لە زانستگەی ئۆپسالا خوێندبوو.

کاتێک دەچێتە نێو کڵێساکەوە، خزمەتکارە یۆنانییەکە ئاو بەدەستیدا

دەکات، ئەوەیش دووبارەکردنەوەی عاداتێکی کۆن بوو، کاتێک قەیسەرەکان دەچوونە ئەو شوێنە تا لە گوناحەکانیان پاکببنەوە، ئاویان بەدەستیاندا دەکردن، گونار پێشتر خوێندبوویەوە و زانیاری لەسەری هەبوو.

کاتێک ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، دوای خواردنەوەی چەند پێک کۆنیاکی فەرەنسی، ئیلهامی ١١ شیعری بۆ دێت، کە هەمان شەو دەیانووسێت، ئەوەیش دەستپێکی نووسینی دیوانی سیانەی دیوان بوو، میر ئێمگیوون.

یەکەمین شیعری باسی چیرۆکی میرێکی کوردە، میرێکی یاخی، میرێکی سنوورپارێز لە سنووری بێزەنتی کۆندا، دوای دەستگیرکردنی، لە زیندانی بلاخێر زیندانی دەکرێت.

**هێشتا لە قوستەنتین دەژیم**

**ئەگەرپێی بگوترێ ژیان**

**میرێکی ئەو هۆزەی کوردانم**

**لەسەروی وان لەوەڕگەمان هەیە**

**سێ شەو و رۆژان لەناو ئەو قوڕەدا کەوتم**

**لەناوی راکشام**

**سێ رۆژان**

**بە جەستەم گەرمم کردەوە**

**بەئاوی خۆم تەرم کرد و**

**بە پاشەڕۆیشم شێلام**

**کە باش وشک دەبێتەوە**

**بۆ ئەوەی بەمە**

**بە پیتێکی فارسی ناویان بگرمەوە**

**کە نازنن بیخوێننەوە.**

دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر، میری کوردان ئازاددەکرێت و بەکوێری بەرەو زێدەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، چاوساخەکەی ژنێک دەبێت کە نازنرێت ئاخۆ، دایک، کچ، ژن یانیش مەعشوقەیەکی میر خۆیەتی. بەناو تورکیادا بەرەو دەڤەرەکەی خۆی وان دەڕوات، گێڕانەوەکە لە گەشتێکی شاعیرانە دەچێت.

گونار ئەندامی ئاکادیمیایی سویدی بوو کە خەڵاتی نۆبێل دابەشدەکات، کە ژمارەیان ١٨ کەسە. زوو زوو سەردانی گوناریان دەکرد و پێکەوە دەیانخواردەوە و کاتێکی خۆشیان پێکەوە بەسەردەبرد.

ئەگەرچی گونار بۆ خۆی کەسێکی مەسیحی ـ ئۆرتۆدۆکس نەبوو، بەڵام پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئێکۆنەکاندا هەبوو و دەیزانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، هەربۆیە چەندین شیعری جوانی لەسەریان نووسیوە.

ئەوەش گەواهی ئەوە دەدات، کە گونار حەزی لە هونەریش کردووە، حەز و ئارەزووەکانی بۆ شتی جوان نیشاندەدات.

گونار وەکو مام هێمن جوانپەرست بووە و جلیوەی جوانی لە هەرچیدا هەبووبێت خۆشیویستووە. کاتێک چاوێک بە کتێبخانەکەیدا دەگێڕیت، دەبینیت چۆن بە نەخش و نیگاری جوان رازاندوویەتیەوە و سلقیەکەی هونەریانە هەبووە.

پرسیاری رەخنەگران ئەوەیە، کە بۆچی ئێکێلۆف میرێکی کوردی هێناوتەوە و بەسەرهاتەکەی کردۆتە هەوێنی شیعرە بەرزەکەی بەناوم میر ئێمگیون؟ ئەوان پێیانوایە، تەنیایی و بێکەسی خۆی، هۆکارێک بووە تا خۆی لە تەک کورددا ببینێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو چەوسێنراوەتەوە و زوڵمیان لێکراوە.

وتارو لێکۆڵینەوە